سودانی فەرمانی کرد بە گرتنەبەری ڕووشوێنی بەپێلە پاش ڕووداوی ئاگرکوتنەوەی حەمدانییە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، مەحەممەد شیاع سودانی، فەرمانی کرد بە گرتنەبەری ڕووشوێنی بەپێلە لە پاش ڕووداوی ئاگرکوتنەوەی قەزای حەمدانییە لە دەشتی نینەوا، کە بووە هۆی دەیان قوربانی.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، مەحەممەد شیاع سودانی، فەرمانی بە هەموو وەزارەتەکان و پارێزگاکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت کرد کە ژمارەیەک ڕووشوێنی بەپێلە بگرنەبەر ئەویش لە پاش ڕووداوەکی نەخوازراوی ئاگرکوتنەوە لە یەکێک لە هۆڵەکانی هاوسەرگیری لە قەزای حەمدانییە (بەغدید) لە پارێزگای نینەوا.

سودانی فەرمانی بەم خاڵانە کرد: 1- ئامادەبوونی وەزیرانی ناوخۆ و تەندروستی لە شوێنی ڕووداوەکە بە بەهاناوەچوونی دەستبەجێی بریندارەکان و سەرپەرشتی کردنی ئەپراسیۆنەکانی ڕزگارکردن و پشکنین کردنی یارمەتی، 2- لایەنە تەندروستییە لەهاتووەکان چارەسەری بریندارەکان بگرنە ئەستۆ و زەرترین حاڵەتی چاودێری دابین بکەن، بەپێی پێداویستییەکانی حاڵەتەکان بە چارەسەر کردن لەناووە یان دەرەوەی عێراق، 3- پکهەنانی لیژنەیەکی لەکۆینەوە بە لەکۆینەوەی دەستبەجێ و ئاشکراکردنی چۆنییەتی ڕووداوەکە و دیاریکردنی هەکارەکان و ئاشکراکردنی کەموکوڕییەکان، 4- لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵسن بە ئامادەکردنی لیستەکی ورد بە ناوی قوربانیانی ڕووداوەکە و خێزانەکانیان،

بە دەنیابوون لە مافە یاساییەکانیان و قەرەبووکردنەوەی دارایيان، 5- ئاگەیاندنی پرسی گشتی لە هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت، بە ماوەی سێ ڕۆژ، وەک هاوخەمییەک بە قوربانییەکان و خێزانەکانیان، 6- هەموو وەزارەت و پارێزگاکان بەردەوام بن لە ئەنجامدانی پشکنینی باڵەخانەکان و دەنیابوون لە ڕەوشونەکانی سەلامەتی و دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بەرپرسیار دەبن لە هەر کەموکوڕییەک، 7- بەڵوبەرایەتی بەرگری شارستانی لە هەموو لقەکانی لە پارێزگاکان بەردەوام بێت لە دووپاتکردنەوەی ڕەکارەکانی پەشووی پشکنینی مەیدانی و سەلامەتی پێکهاتەکان و دوو هەندەکردنی هەوڵەکانی پشکنینی بەردەوام بە باڵەخانە گەورەکان و مەڵەکان و چێشتخانەکان و هەڵەکانی بەنە و هەتڵەکان و دەنیابوون لە بەردەستبوونی ڕەوشونەکانی سەلامەتی تێیاندا و دیاریکردنی مەترسییەکان و فەرمان کردن بە چارەسەرکردنیان و وە دەستنیشانکردنی بینا سەرپێچیکارەکان.